# اثر استراتيجية التفكير التناظري في إكساب المفاهيم النحوية عند طالبات الصف الخامس الإعدادي


**ميساء عيدان كاظم الزبيدي**

Salah.althabhawe@gmail.com

**أ.د.بيمان جلال احمد**

**جامعة بغداد/ كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية**



**الملخص**

هدفت الدراسة تعرف "**اثر استراتيجية التفكير التناظري في اكساب المفاهيم النحوية عند طالبات الصف الخامس الاعدادي**"، وقد تكونت عينة الدراسة من شعبتين دراسيتين منتظمتين في مدرسة اعدادية اغادير العلمية، وبالاختيار العشوائي تم تحديد شعبتين من الصف الخامس الاعدادي لتمثل احداهما المجموعة التجريبية وعددها (٣٥) والاخرى الضابطة وعددها(٣٥)،ودرست الباحثة المجموعة التجريبية باستراتيجية التفكير التناظرين في حين الضابطة بالطريقة التقليدية، واعتمدت الباحثة على تصميم تجريبي ذي ضبط جزئي، واستعملت الباحثة اداة واحدة لقياس اكساب المفاهيم النحوية عند طالبات مجموعتي البحث، اذ اعدت سلسلة اختبارات لاغراض بحثها لتطبيقها على طالبات مجموعتي البحث في نهاية كل موضوع، واعدت الباحثة مقياساً لاكساب المفاهيم لغرض التجربة، ويتكون هذا الاختبار من (٢٥) فقرة تقيس المفاهيم النحوية ولكل فقرة من فقرات الاختبار (اربعة بدائل) واحدة من هذة البدائل اجابة صحيحة وثلاثة منها هي بدائل خاطئة، وهذا يعني ان اكبر درجة ممكن الحصول عليها في الاختبار هي (٢٥) واصغر درجة ممكن الحصول عليها في الاختبار هي (صفر)،وأستعملت الباحثة الوسائل الأحصائية المناسبة، وتوصلت الباحثة الى النتيجة الاتية (وجود فروق دالة احصائياً عند مستوى دلالة (٠,٠٥)، اذ تفوقت طالبات المجموعة التجريبية اللائي درسن اكساب المفاهيم النحوية باستراديجية التفكير التناظري على طالبات المجموعة الضابطة اللائي درسن نفس المادة بالطريقة التقليدية.



**الكلمات المفتاحية: استراتيجية التفكير التناظري، إكساب المفاهيم النحوية.**


## The Effect of Analogical Thinking Strategy on Acquiring Grammatical Concepts among Fifth-grade Intermediate School Students


**Maysaa Eidan Kadhim Al-Zubaidi**

**Prof. Dr. Peyman Jalal Ahmed**

**University of Baghdad College of Education Ibn Rushd for Human Sciences**

**Abstract**

The study aimed to identify"**the effect of the analogical thinking strategy on the acquisition of grammatical concepts among fifth-grade female students**" The study sample consisted of two regular classes at Agadeer Scientific Secondary School.Two classes from the fifth grade were randomly selected, one representing the experimental group(35 students) and the other representing the control group(35students).The researcher taught the experimental group using the analogical thinking strategy, while the control group used the traditional method. The researcher adopted a partially controlled experimental design, The researcher used a single tool to measure the acquisition of grammatical concepts among students in both research groups.She prepared a series of tests for her research purposes to be administered to students in both research groups at the end of each topic.The researcher also prepared a scale for acquiring concepts for the purpose of the experiment.It consists of(25 items measuring grammatical concepts.

The researcher used appropriate statistical methods, The researcher reached the following conclusion,Statistically significant differences existed at a significance level of (0.05). Students in the experimental group, who studied grammatical concepts using the analogical thinking strategy, outperformed students in the control group, who studied the same subject using the traditional method.

**Keywords: The Analogical Thinking Strategy, Acquiring Grammatical Concepts.**

**كاریگەریی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لە لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەییدا**

**مەیسا عیدان کازم زبیدی**

**پ.د.پەیمان جەلال ئەحمەد**

**زانكۆی بەغداد/ كۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان**

**پوختەی توێژینەوەكە**

ئامانجی توێژینەوەكە بریتی بوو لە دیاریكردنی "**كاریگەریی ستراتیژییەتی بیركردنەوەی ڕوانینی لە بەدەستهێنانی چەمكە ڕێزمانییەكان لەلای خوێندكارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی**" نموونەی توێژینەوەكە بریتی بوو لە دوو هۆبەی خوێندنی ئامادەیی لە قوتابخانەی ئامادەیی(اغادیری) زانستی، بە گشتی (١١٢) خوێندكارانی پێنجەمی ئامادەیی لە سێ هۆبەدا بوون، بە شێوەیەكی هەڕەمەكی،دوو هۆبە دیاریكران كە یەكێكیان كۆمەڵەی ئەزموونی كە ژمارەیان(٣٥)خوێندكار وئەویتری كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو كە ژمارەیان(٣٥)خوێندكار بوو كۆمەڵەی ئەزموونی بە ڕێگای بیركردنەوەی ڕوانینی خوێندنیان، لە كاتێكدا كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو بە ڕێگای ئاسایی خوێندنیان،و توێژەر پشتی بە دیزاینی ئەزموونی بەشێكی كۆنترۆڵكراو بەست، توێژەر تەنها ئامرازێكی بەكارهێناوە بۆ پێوانەكردنی چەمكە ڕێزمانییەكان لەلای خوێندكارەكانی كۆمەڵەی توێژینەوەكە، هەروەها توێژەر پێوەرێكی داڕشتووە بۆ پێوانەكردنی بەدەستهێنانی چەمكەكان بۆ مەبەستی ئەزموونەكە، ئەم تاقیكردنەوەیە لە (٢٥) بڕگە پێكهاتووە كە چەمكی ڕێزمانی دەپێوێت، و بۆ هەر بڕگەیەک (چوار هەڵبژاردە) هەیە، یەكێک لەو هەڵبژاردانە وەڵامی ڕاستە و سێیەكەی تر هەڵەن، ئەمەش مانای وایە كە بەرزترین نمرە كە دەكرێت بەدەستبهێنرێت(٢٥)ە و كەمترین نمرە (سفر)ە،توێژەر گەیشت بەم ئەنجامەی خوارەوە:

جیاوازیی ئاماژەپێكراوی ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداری(٠,٠٥)،كە تیایدا خوێندكارانی كۆمەڵەی ئەزموونی كە بابەتی بەدەستهێنانی چەمكە ڕێزمانییەكان بە پێی ستراتیژییەتی بیركردنەوەی ڕوانینی، زیاتر پێشكەوتوون بە بەراورد بە خوێندكارانی كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو كە هەمان بابەتیان بە ڕێگای ئاسایی خوێندووە.

**كلمات مفتاحية: ستراتیژییەتی بیركردنەوەی ڕوانینی، دەستەێنانی چەمكە ڕێزمانییەكان.**

**كێشەی توێژینەوەكە:**

فێركردن بەدەست كێشەیەكی هەمیشەییەوە دەناڵێنێت لەسەر پڕكردنی مێشكی خوێندكاران بە زانیاری لەجیاتی یارمەتیدانیان بۆ گەشەپێدانی توانا عەقڵییەكانیان، چونكە خوێندكاران ناتوانن چەمكێک لە چەمكێكی تر جیابكەنەوە، لەبەرئەوەی ڕووكەشانە پێشكەشی خوێندكاران دەكرێت. ( زایر وداخل، ٢٠١٥، ل. ٧٧)

بەمەبەستی گەڕان بەدوای هۆكارەكانی دابەزین و دەستنیشانكردنی ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی مامۆستایان دەبنەوە لەوانەوتنەوەی ڕێزمانی كوردیدا و ئایا كەم ئاستی لەبەدەستهێنانی

چەمکی ڕێزمانیدا هەیە وهۆکارەکانی چین وئایا ئەو ڕێگایانە لەوانەوتنەوەدا پەیڕەودەکرێن کامانەن.

بۆیە توێژەر سەردانی ژمارەیەک قوتابخانەی کرد لە ناوەندی پارێزگای بەغداد و چاویکەوت بە نموونەیەک لە مامۆستایانی زمانی کوردی کە ژمارەیان (٢٠) مامۆستایە و فۆرمێکی پێشکەش کردن کە بریتی بوو لە پرسیاری کراوە و داخراو پاشکۆی (٣) بەم شێوەیەی خوارەوە :

پ١ / ئایا ئاست نزمی لە بەدەستهێنان لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی زمانی کوردیدا هەیە ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوون بوو کە ٩٠% مامۆستایان ئاماژەیان بەوەدا کە دابەزینێکی بەرچاو بەدی دەکرێت لە ئاستی فێربوونی چەمکی ڕێزمانی کوردی، و ١٠% مامۆستایان ئاماژەیان بەوەدا کە ئاستی فێربوونی چەمکی ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی دانەبەزیووە.

پ٢ / بەبۆچوونی ئێوە هۆکارەکانی نزمی ئاستی بەدەستهێنانی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بۆ چەمکی ڕێزمانی چییە و وەڵامی ئەم پرسیارەش بەم شێوەیە بوو:

١- بەکارهێنانی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی ئاسایی کە لەسەر بنەمای لەبەرکردن و فێرکردنە .

٢- کەمی ژمارەی بەشەوانەی تەرخانکراو بۆ بابەتی زمانی کوردی کە دەگاتە یەک بەشەوانە لە هەفتەیەکدا.

٣- گرانی پرۆگرام.

پ٣ / ئایا هۆشیارییەکی مەعریفی بۆمامۆستایان هەیە سەبارەت بە ستراتیژیی وانەوتنەوەی نوێ لە زمانی کوردیدا؟

وەڵامی پرسیارەکە (٨٠%) ئاماژەبوو بە نەبوونی زانیاری پێشوەخت لەسەر ستراتیژییەکانی وانەوتنەوەی نوێ، و (٢٠%) زانیارییان لەسەر ستراتیژییەکانی وانەوتنەوەی نوێ دەربڕیوە.

ئەمەش کە زۆرێک لە توێژینەوەکان ئاماژەیان پێکردووە وەک توێژینەوەی (البیطار،٢٠١٧)، وتوێژنەوەی (العیفان ، ٢٠١٦) وتوێژنەوەی (سلوم ، ٢٠١٩) و ئەم توێژینەوانە لاوازی خوێندکاران لە قۆناغی ئامادەیی لە چەمکی ڕێزمانیدا، و سنوردارکردنی بەکارهێنانی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی ئاسایی دووپات دەکەنەوە.

یازدەهەمین کۆنفرانسی زانستی کە لە زانکۆی (المستنصریة) لە بەغداد بەڕێوەچوو (٢٠٠٥ ) ژمارەیەک پێشنیاری کرد لەوانە پەرەپێدانی بەردەوامی لە پرۆگرامی خوێندن و پەرەپێدان و ئامانج و ناوەڕۆک و ستراتیژییەکان و ڕێگاکان و شێوازەکانی وانەوتنەوە دەگرێتەوە کە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی جیهاندا گونجاوە، و هەروەها ئەم کۆنفرانسە جەخت لەسەر بایەخدان بە چەمکی ڕێزمانی لەکاتی داڕشتنی پرۆگرامی پەروەردەیی و گرنگیدان بە ڕێگاکانی وانەوتنەوەی دەکات. (المؤتمر العلمی الحادی عشر ، ٢٠٠٥ ل. ١٢-١٧)

لەسەر بنەمای ئەوەی سەرەوە توێژەر بڕیاری دا توێژینەوەیەک ئەنجام بدات بە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی لە فێرکردنی چەمکی ڕێزمانی بۆ خوێندکاران پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بۆ بەشداریکردن لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستییان و دەتوانرێت کێشەی توێژینەوەکە لەم پرسیارەی خوارەوە کورت بکرێتەوە:

**ئایا ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی کاریگەری لە سەر بەدەسهێنانی چەمکە ڕێزمانیەکان لەلای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی هەیە ؟**

**گرنگی توێژینەوەکە:**

**گرنگی توێژینەوەکە بەم شێوەیەیە دیاری دەکرێت:**

١- گرنگی پەروەردە وەک ئامرازێک بۆ ئامادەکردنی مرۆڤ بۆ ژیانێکی باشتر.

٢- گرنگی زمان چونکە گەورەترین ئایەتی ئیلهام یە کە خودا بە مرۆڤی بەخشیوە و هەرکەسێک پێبگات هۆشیاری خۆی بۆ ژیان فراوان کردووە، و زانیاری و زانست و کەلتووری خۆی پەرەی پێداوە، چونکە ئامرازێکە بۆ دەربڕین و پەیوەندی و کارلێک لە بیرکردنەوە و هەستەکاندا.

٣- گرنگی بەدەستهێنانی چەمکی جۆراوجۆر کە ئامرازێکی بەسوود و گونجاون بۆ کەمکردنەوە و ڕێکخستن و پەرەپێدانی زانیاری .

٤- بەکارهێنانی ستراتیژی بیرکردنەوەی روانینی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی وانەوتنەوە و فێرکردن.

٥- گرنگی چەمکەکانی ڕێزمان.

٦- گرنگی قۆناغی ئامادەیی چونکە خوێندکاران لەم قۆناغەدا گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرزی پێگەیشتنی دەروونی و زمانەوانی و کۆمەلایەتی (البديري ، ٢٠١٩ ل. ٩).

**ئامانج و گریمانەی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوە بۆ زانینی کاریگەری ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی ڕوانینە لە بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

وبۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە توێژەر گریمانەی سفری دیاریکرد:

جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری نییە لە ئاستی (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەکانی خوێنکارانی کۆمەڵەی ئەزمونیدا کە وانەکەیان بە ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی خوێند و ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بەڕێگای ئاسایی وانەکانیان خوێند لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان .

**سنووری توێژینەوەکە:**

- خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و دواناوەندی کچان لە قوتابخانە حکومی بەیانیان کە سەر بە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کەرخی دووە.
- ژمارەیەک لە بابەتەکانی پەرتوکی زمان و ئەدەبی کوردی بڕیارلێدراو بۆ وانەوتنەوەی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی (چاپی.... ساڵی....) بۆ وەرزی یەکەم و پێکدێت لە جێناوی سەربەخۆ ، جێناوی لکاو ، ناو لە ڕووی ژمارەوە ، ناو لە ڕووی ناسینەوە ، ئامرازەکانی پرسیار ، کاری ڕانەبردوو ، کاری ڕابردوو ، کاری داخوازی ، هاوەڵناو.
- بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥.

**دیاریکردنی زاراوەکان**

**یەکەم : ستراتیژییەت**

– الهاشمي والدليمي: کۆمەڵێک بیرۆکە و پرەنسیپ کە بە شێوەیەکی گشتگیر و یەکخراو باس لە بوارێکی مەعریفی دەکەن و بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکان دەڕوات و پاشان شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی گونجاو پەرە پێدەدات بۆ زانینی ڕادەی سەرکەوتنیان و بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کەدانراوە لە لایەن ( الهاشمي والدليمي، ٢٠٠٨، ل. ١٩ ).

– التميمي: کۆمەڵێک بیرۆکە و پرەنسیپە کە بە شێوەیەکی گشتگیر و یەکخراو مامەڵە لەگەڵ بوارێکی چالاکی مرۆڤایەتی دەکەن و ئاماژە بە ئامرازەکانی کارکردن و پێویستی و ئاراستەی ڕێگاکانی دەکەن بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری پێویست بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی دیاریکراو لەڕوانگەی واقیع و ئەگەرەکانی داهاتوو کە درێژدەبێتەوە لەسەرتوانای نەرمی، چاکردن و گۆڕانکاری، بەپێی کارکە. (التميمي، ٢٠١٥ ل. ٢٨٠).

توێژە رە هاوڕایە لە گە ڵ پێناسەی (الهاشمي والدليمي، ٢٠٠٨).

**دووەم: بیرکردنەوە**

– **سعادة:** چەمکێکی ئاڵۆزە کە لە سێ توخم پێکهاتووە، ولەمەعریفەیەکی ئاڵۆز ولەسەروی هەموویانەوە چارەسەرکردنی کێشەکان، و کەمتر ئاڵۆزەکانی وەک تێگەیشتن و جێبەجێکردن. (سعادة، ٢٠٠٣ ل. ٤).

**پێناسەی ڕێکاری بۆ بیرکردنەوە:**

توانای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەییە لە خولقاندنی بیرۆکەی نوێ و داهێنان وبەیەکەوە بەستنەوەی لێکچووەکان و زانیاری پێشوو لەسەر بابەتە نوێیەکانی زمانی کوردی .

**سێیەم: بیرکردنەوەی ڕوانینی**

پێناسەکراوە لەلایەن هەریەکە لە:

– **قطامي**:ستراتیژییەکە کە زۆر پشت بە فێربوونی مانادار دەبەستێت، چونکە ڕوانینی پێویستی بە بەستنەوەی ئەزموونی پێشوو بە ئەزموونی نوێیەوە هەیە، کاتێک خوێندکاران بەراورد دەکەن و

دەرئەنجامیان لەو بەراوردکردنانە دەستدەکەوێت، ئەمەش یارمەتی خوێندکاران دەدات فێربوونیان ڕێکبخەن بەشێوەیەک کە پشتگیری تواناکانیان بکات بۆ وەبیرهێنانەوەیان لە دواتردا.( قطامي ، ٢٠١٣ ل. ٧٢٥)

**پێناسەی ڕێکاری بۆ بیرکردنەوەی ڕوانینی:**

بریتیە لە دۆزینەوەی لێکچوون و جیاوازی نێوان دوو چەمک، کە یەکێکیان لە زانیاریەکانی پێشووە و ئەوی تریان ئامانجی (نوێ)ە لەلایەن خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزمونیەوە بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی.

**چوارەم: بەدەستهێنان**

پێناسەکراوە لەلایەن هەریەکە لە:

- زایر، وداخل: "بڕی زانیاریی دەرچووە کە تاک لە ڕێگەی بەرکەوتنی بارودۆخی فێرکاری جیاوازەوە بەدەستی دەهێنێت بۆ ئەوەی ببێتە سەرمایەی هەڵسوکەوت بۆ ئەوەی لە ژیانی پەروەردەیی خۆیدا کارەکانی خۆی نیشان بدات " ( زاير ، وداخل ، ٢٠١٥ ، ل. ١٥٥).

- **پێناسەی ڕێکاری بۆ بەدەستهێنان:**

تا چەند خوێندکارانی دوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە دەتوانن پرۆسەکانی (پێناسە، جیاکاری و جێبەجێکردن) بۆ چەمکی ڕێزمانی لە پەرتووکی زمان و ئەدەب و بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی پراکتیزە بکەن.

**پێنجەم: چەمکە ڕێزمانیەکان**

پێناسەکراوە لەلایەن هەریەکە لە:

- عصر: "وێنەی هزری ئەو کردارەیە کە وشە بە مانای وشەسازی یان واتاییەکەی لە ڕستەکەدا ئەنجام دەدرێت." (عصر، ٢٠٠٥ ل. ١٠) .

- **پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکە ڕێزمانیەکان:**توانای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ئەوەیە کە جیاکاری لە تایبەتمەندییەکانی چەمکە بنەڕەتییەکانی ڕێزمانی لە بابەتەکانی پەرتووکی ڕێزمانی کوردیدا بکەن، کە بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی دەوترێنەوە و بیخەنە ناو کۆگای زانیارییەکانیانەوە .

**شەشەم: پۆلی پێنجەمی ئامادەیی:** دووەم پۆلە لە سێ پۆلەکەی ئامادەیی، خوێندکارەکانی دەرچووی ناوەندین و ماوەی خوێندن لە ئامادەیی سێ ساڵە و ئەرکەکەی ئامادەکردنی خوێندکارانە بۆ قۆناغی ئەکادیمی باڵا یان ئامادەکردنە بۆ پیشەیەک لە ژیاندا. (وزارەتی پەروەردەی عێراق).

**بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

**تەوەرەی یەکەم:- چوارچێوەی تیۆری**

**یەکەم: بیرکردنەوە**

بیرکردنەوە دیاردەیەکی گەشەسەندنە کە لە قوناغە جیاوازەکانی ژیاندا گەشە دەکات، تاکەکان هەر لە منداڵییەوە زوو تێدەگەن کە ئێمە بیر دەکەینەوە و ئەوان ژیرییەکی خێرایان هەیە بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیان سەبارەت بەوەی کە ئێمە چی دەکەین کاتێک بیردەکەینەوە، هەروەها منداڵان دەیکەن هەرلە لەدایکبوونیانەوە، وەك ئەوەی (بیاجییە)* ناوی لێناوە بیرکردنەوەی هەستیاری جووڵەیی، وبیرکردنەوەی پێش پرۆسەکان لە سەرەتای منداڵیدا، پاشان بیرکردنەوەی ماددی لە کۆتایی منداڵیدا و دواجار بیرکردنەوەی پوختە لەگەڵ دەستپێکردنی تەمەنی هەرزەکاریدا،(Flavell, 1979 P. 906) .

**گرنگی چەمکە ڕێزمانییەکان**

پەیوەست بە مادەی زانستی و یارمەتیدەرن لە پێکهێنانی خووی دەروونی کە ڕێگە بە بەدەستهێنانی چەمکەکە دەدەن، ناوێکی دیاریکراو بە شتە هاوشێوەکان دەبەخشێت و وایان لێدەکات بە هەندێک سەقامگیرییەوە لەگەڵ زانیندا کارلێک بکەن و مامەڵە لەگەڵ بارودۆخ و ڕووداو و پرۆسە نوێیەکان بکات کە تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە وەک ئەوەی یەک پۆل بن. (محمود، ٢٠٢٣ ل. ٤٧).

**تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوە:**

و لە نێو گرنگترین تایبەتمەندییەکانی:

١- بیرکردنەوە پرۆسەیەکی نادیار و دەروونییە.

٢- پشت بە هێما و واتاکان دەبەستێت.

٣- زانیاری کۆکراوە و ئەزموونە کەسییەکان شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ ڕێکدەخەن.

٤- دەتوانرێت پەرەی پێبدرێت و باشتر بکرێت.

ئەم تایبەتمەندییانە وا لە بیرکردنەوە دەکەن ببێتە ئامرازێکی سەرەکی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە و بڕیاردانی ژیرانە. (حمید ومحمد، ٢٠١٨ ل. ٥٩).

**دووەم: ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی:**

ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی ڕێگایەکی بیرکردنەوەیە بۆ تێگەیشتن لە چەمک یان بارودۆخێکی نوێ لە ڕێگەی بەراوردکردنی بە چەمکێکی ناسراوی تر لەم ڕێگایەدا، مانای نوێ لەسەر بنەمای پەیوەندی یان هاوشێوەیی نێوان دوو شت درووست دەبێت، ئەگەر ئەو هاوشێوەییە کارلێکی بێت یان پێکهاتەیی یان هۆکاری، هەروەها ئەم ستراتیژیەتە ڕێگایەکی فێربوون و زانینییە کە پەیوەندی لە نێوان زانیاری نوێ و پێشوو دەدەخات لە ڕێگەی هاوشێوەیی یان پەیوەندی

* جان بیاجییە (Jean Piaget) لە (٩ی ئابی ١٨٩٦) لەدایکبووە و لە (١٦ی ئەیلوولی ١٩٨٠) کۆچی دوایی کردووە، زانا فیلسوفێکی سویسری بووە و پەرەی داوە بەبیردۆزی پەرەسەندنی دەروونی منداڵان.

هاوبەش، ئەم ستراتیژییەتە لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە کار دەکات کە مێشکی مرۆڤ باشتر زانیاری وەربگرێت کاتێک بەراورد لە نێوان دوو شت یان زیاتر دەکات کە هاوشێوەیی پێکهاتەیی یان پەیوەندییان هەیە، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی وردەکاری جیاواز بن، بۆ نموونە، مامۆستا دەتوانێت چەمکی «خولانەوە» لە فیزیا لە ڕێگەی بەراوردکردنی بە جووڵەی چەرخەی پاسکیلەوە ڕوون بکاتەوە، ئەمەش وا دەکات چەمکە ئەبستراکتەکە زیاتر ڕوون بێت بۆ خوێندکار، (کاواني، ٢٠٢٤ ل. ٢)

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ئامرازێکی کاریگەرە لە دروستکردنی زانین، چونکە توانای خوێندکار بۆ تێگەیشتنێکی قووڵ بەرەوپێش دەبات و یارمەتی دەدات زانیاریەکەی لە چەمکی نوێکاندا بەکاربهێنێت، لەجیاتی لەبەرکردنی بێ مانا، خوێندکار دەتوانێت پەیوەندی دەروونی لە نێوان چەمکەکان دروست بکات، ئەمەش یارمەتی پەرەپێدانی بیرکردنەوەی شیکاری و داهێنەرانە دەدات، (مەحموود، ٢٠٢٤ ل. ٣ ).

توێژەر پێی وایە چەمکی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی ئامرازێکە بۆ هاندانی تێگەیشتنی قووڵ و بەشداریکردنی بوارە نوێیەکانی توێژینەوە، بەڵام پێویستی بە نیگەرانی هەیە لە زیادەڕەویکردن لە هاوشێوەیی نێوان شتەکان چونکە ڕەنگە هاوشێوەیی ڕووکەش بێت و ڕەنگدانەوەی هۆکارە جەوهەریەکان نەبێت.

**ئامانجەکانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی**

ئامانجەکانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی بەپێی چوارچێوەی پەروەردەیی جیاوازن، بەڵام بەگشتی ئامانجیان پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی پلە باڵاکانە لە خوێندکاردا و بەرەوپێشبردنی تێگەیشتنێکی قووڵ لە چەمکەکان، لێرەدا گرنگترین ئامانجەکان دەخەینەڕوو:

١ . پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی بەرزی: وەک بیرکردنەوەی شیکاری، ڕەخنەیی و داهێنەرانە لە ڕێگەی بەستنەوەی پەیوەندی نێوان چەمکە جیاوازەکان.

٢. بەهێزکردنی تێگەیشتنی قووڵ: لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەراورد و هاوشێوەیی بۆ تێگەیشتن لە چەمکە نوێیەکان لەسەر بنەمای چەمکە ناسراوەکان.

٣. هاندانی فێربوونی چالاک: پێویستە خوێندکار بەشدار دەبێت لە دروستکردنی پەیوەندی نێوان بیرۆکە و بارودۆخەکان. (الذوقان و ابو السميد، ٢٠٠٩.ل ١٤٤ ).

توێژەر پێی وایە کە ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە فراوانکردنی تێگەیشتن و شیکردنەوەی چەمکە ئاڵۆزەکان، هەروەها ئامرازێکی بەهێزە بۆ فێربوونی قووڵ، وتەنها لە چارەسەرکردنی کێشەکان سنووردار نابێت، بەڵکو توانای بەستنەوەی پەیوەندی نێوان بیرۆکە و ڕووداوەکان باشتر دەکات و یارمەتی دروستکردنی بیرۆکەی نوێ دەدات.

**سوودەکانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی**

ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی یەکێکە لە ڕێبازە فێرکارییە دیارەکان کە چەندین سوودی هەیە کە سنوورەکانی تێگەیشتنی ئاسایی زانیاریەکان تێدەپەڕێنێت، یەکێک لە دیارترین بەخشینەکانی ئەم ستراتیژییەتە ئەوەیە کە خوێندکار توانای درکێکی قووڵتر و پەیوەندیدارتر بە چەمکەکان درووست دەکات، لە ڕێگەی بەکارهێنانی بارودۆخ یان ئەزموونە ئاشناکانەوە بۆ ڕوونکردنەوەی بیرۆکە نوێیەکان، ئەم پرۆسەیە هانی هزر دەدات کە زانیاری بە شێوەیەکی پەیوەندیدار ڕێک بخات، ئەمەش وای لە فێربوون دەکات کە بەقووڵی و کاریگەریتر جێگیر بێت، یەکێک لە دیارترین سوودەکانی ئەم ستراتیژییەتە توانای چالاککردنی بیرکردنەوەی تێڕامانە و داهێنەرانەیە لەلایەن خوێندکارەوە، کاتێک داوا لە خوێندکار دەکرێت کە هاوشێوەیی نێوان دوو شت دەستنیشان بکات کە لە ڕووەوە جیاوازن، پرۆسە ئەقڵییە بەرزەکان وەک شیکردنەوە، ڕوونکردنەوە و بەراوردکردن چالاک دەبن، ئەمەش نەرمی بیرکردنەوە زیاد دەکات، هەروەها ئەم ستراتیژییەتە ڕێگایەکی بەهێزە بۆ پشتگیری ئەو فێربوونەی کەلەسەر واتا بەندە، چونکە خوێندکار بەشدارە لە پرۆسەی فێربوون بەشێوەیەکی چالاک و یارمەتی دروستکردنی زانیاری دەدات لەبری ئەوەی وەک وەرگرێکی نەرینی بێت(Baumer, E. P. 2009 P.315) .

توێژەر باوەڕی وایە کە سوودی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی ئامرازێکی بەهێزە لە پشتگیریکردنی توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە، هەروەها دەتوانێت بەشدار بێت لە بەرەنگاربوونەوەی ئاڵەنگاری زانیارییەکان بە ڕێگەی جیاواز.

**تایبەتمەندییەکانی ستراتژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی**

١. **ناسینەوەی هاوشێوەیی:** بیرکردنەوەی ڕوانینی پشت دەبەستێت بە توانای ناسینەوەی هاوشێوەیی و شێوەکانی لێکچوون لە نێوان شتەکان یان بارودۆخە جیاوازەکان، ئەمەش یارمەتی مرۆڤ دەدات کە پەیوەندی نێوان شتەکان و بیرۆکەکان لە ڕێگەیەکی نوێوە تێبگات.

٢. **گواستنەوەی زانیاری:** ئەم ستراتیژییەتە گواستنەوەی زانیاری یان چارەسەرەکان لە چوارچێوەیەکەوە بۆ چوارچێوەیەکی تر دەگرێتەوە لە ڕێگەی دیاریکردنی پێکهاتە یان دەستەواژە هاوبەشەکان لە نێوان بارودۆخەکاندا، ئەمەش ڕێگە بە مرۆڤ دەدات کە ئەوەی دەیزانێت لە چوارچێوە نوێیەکاندا جێبەجێ بکات. (رزوقي، ٢٠١٩ ل. ٥٣ ).

٣. **پەرەپێدانی داهێنان:** بیرکردنەوەی ڕوانینی پێویستی بە داهێنەرییەتی فیکری هەیە، کە تیایدا مرۆڤ پەیوەندی نوێ دروست دەکات و تێبینی لێکچوونە قووڵەکانی نێوان چەمکەکان دەکات، ئەمە توانای بیرکردنەوە لە دەرەوەی بۆکسەکە زیاد دەکات. (رزوقي، ٢٠١٩ ل. ٥٣).

توێژەر پێی وایە کە تایبەتمەندییەکانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی ئامانجی گواستنەوەی زانیارییە لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر و باشترکردنی توانای بیرکردنەوەی سیستەمی و فراوانکردنی ئاسۆکانی تێگەیشتن کە پرۆسەی فێربوون و تواناکانی پشت پێدەبەستن.

**هەنگاوەکانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی**

١- دیاریکردنی کێشە یان بابەت.

٢- گەڕان بەدوای چەمک یان نموونەی هاوشێوە.

٣- وێنە کێشانی ڕوانینی نێوان پێکهاتەکان.

٤- جێبەجێکردنی چارەسەرە پێشنیارکراوەکان .(قطامي ، ١٩٩٨ ل. ٢٧٦-٢٧٧).

٥- **هەنگاوی پێنجەم: هەڵسەنگاندنی دەرئەنجام و پێداچوونەوە.**

**هەنگاوی شەشەم: فێربوون لە ئەزموونەوە.** (رزوقي والدليمي، ٢٠١٩ ل. ٦٠).

توێژەر پێی وایە هەنگاوەکانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی تواناکانی داهێنەر باشتر دەکەن و یارمەتیدەرن لە دۆزینەوەی چارەسەری نائاسایی بۆ کێشە ئاڵۆزەکان.

**لە سوودەکانی بەکارهێنانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی لەلایەن مامۆستا:**

- **پەرەپێدانی تێگەیشتنێکی قوڵ** : هاوتاکاری یارمەتی خوێندکاران دەدات تێگەیشتنێکی قوڵتر دروست بکەن لە ڕێگەی بەستنەوەی چەمکەکان بە ئەزموون و زانیاری پێشووی خۆیان.
- **پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگر و داهێنەرانە** : هانی خوێندکاران دەدات کە شیکاری پەیوەندی نێوان چەمکە جیاوازەکان بکەن و چارەسەری نوێ بدۆزنەوە.
- **زیادکردنی بەشداری و کارلێکی خوێندکاران** : ڕوانینی هانی گفتوگۆ و کارلێکی ناو پۆل دەدات، کەئەمەش بەشداری خوێندکاران زیاد دەکات. (الديب،١٩٨٧، ل.٢٣).

**پەیوەندی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی و خوێندکار**

پەیوەندی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی لەگەڵ خوێندکار پەیوەندێکی گرنگە کە ڕەوتی فێربوون باشتر دەکات و تێگەیشتنی خوێندکار لە چەمکە پەروەردەیییەکان قووڵتر دەبێت، کاتێک خوێندکار ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی بەکار دەهێنێت، ڕاهێنان دەکرێت لەسەر بەستنەوەی بیرۆکە نوێیەکان بە ئەزموون یان ئەزموونە پێشووەکانی خۆی، کە ئەمەش یارمەتی درووستکردنی تێگەیشتنێکی قووڵ و ڕوونتر دەدات، ئەم ستراتیژییەتە وا لە خوێندکار دەکات کە بەشدارێکی چالاکتر بێت لە پرۆسەی فێربووندا، چونکە تەنها وەرگری زانیاری نییە، بەڵکو داوای لێدە کرێت لە نێوان بیرۆکە نوێ و کۆنەکاندا هاوشێوەیی و جیاوازی بدۆزێتەوە، کە ئەمەش هانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و شیکارییانەی دەدات. (الشمري، ٢٠٢٠ ل. ٤٠).

لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە، خوێندکار دەتوانێت زانیاریەکانی لە چوارچێوەیەکی جیاوازەوە بگوازێتەوە بۆ چوارچێوەیەکی تر، و فێر دەبێت کە چۆن چەمکەکان بەکاربهێنێت لە بارودۆخە

جیاوازەکاندا بۆ نموونە، ئەگەر خوێندکار فێری چارەسەری هاوکێشەی بیرکاری ببێت، دەتوانێت هەمان ڕێگا لە بواری فیزیا یان ئابووریدا بەکاربهێنێت، ئەم جۆرە تێگەیشتنە گونجاوترە و بەئاسانی دەتوانرێت لە ژینگەی نوێدا بەکاربهێنرێت بۆیە بیرکردنەوەی ڕوانینی نەک تەنها تێگەیشتن لە بابەتێک زیاد ناکات، بەڵکو یارمەتی خوێندکار دەدات کە فێری چۆنێتی فێربوون بێت، و تواناکانی بۆ بەکارهێنانی ئەوەی فێری بووە لە چوارچێوەیەکی نوێدا فراوانتر بکات، لەگەڵ ئەوەشدا بیرکردنەوەی ڕوانین توانای چارەسەری کێشە لە خوێندکاراندا بەهێزتر دەکات، لە ڕێگەی بەراوردکردنی بارودۆخە هاوشێوازەکان و چارەسەری کێشە هاوشێوازەکان، خوێندکار دەتوانێت چارەسەری داهێنەرانە بۆ کێشەکانی بدۆزێتەوە کە لەوانەیە بەتەواوی لە بارودۆخە پێشووەکان نەچن، هەروەها ئەم ستراتیژییەتە یارمەتی خوێندکار دەدات لە تێگەیشتن لە پەیوەندی هۆکار و کاریگەری نێوان چەمکەکان، کە توانای بیری قووڵی خوێندکار فراوانتر دەکات. (العموش، ٢٠٢٢ ل. ٢٨٢).

**ڕۆڵە سەرەکییەکانی خوێندکار لەم ستراتیژییەتەدا**

**١ . ڕۆڵی خوێندکار لە بەکارهێنانی ستراتیژییەتەکە**

- **دۆزەرەوەی زانیاری** :خوێندکار ڕوانینی بەکار دەهێنێت بۆ بەستنەوەی چەمکە نوێیەکان بە زانیاری پێشووەکانی، کە یارمەتی دەدات لە تێگەیشتنی بابەتە ئاڵۆزەکان.
- **بیرکەرەوەی ڕەخنەگرانە** : شیکاری هاوشێوەیی و جیاوازی نێوان چەمکەکان دەکات، کە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و تێرامانی بەهێز دەکات.
- **بەشداریکی چالاک لە فێربوون** :بەشداری لە چالاکییە ڕوانینەکاندا دەکات، کە وا لێدەکات زیاتر بەشدار بێت لە پرۆسەی فێربوون.

**٢. سوودەکانی بەکارهێنانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی لەلایەن خوێندکارەوە**

- **بەهێزکردنی تێگەیشتنی قووڵ** :ڕوانینی یارمەتی خوێندکار دەدات تێگەیشتنێکی قووڵتر درووست بکات لە ڕێگەی بەستنەوەی چەمکە نوێیەکان بە ئەزموون و زانیاری پێشووەکانی.
- **پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و داهێنەرانە** :هانی خوێندکار دەدات پەیوەندی نێوان چەمکە جیاوازەکان شیکاری بکات و چارەسەری داهێنەرانە پەرەپێبدات.
- **زیادکردنی بەشداری و کارلێکی خوێندکار** :ڕوانینی هانی تاوتوێ و کارلێکی ناو پۆل دەدات، کەئەمەش بەشداری خوێندکاران زیاد دەکات.

**٣ . ئەو توانایانەی کە خوێندکار پێویستە بەدەستی بهێنێت**

- **شیکاری پەیوەندییەکان** : توانایی دیاریکردنی هاوشێوازی و جیاوازی نێوان چەمکە جیاوازەکان.

- **جێبەجێکردنی زانیاری** :توانایی بەکارهێنانی زانیاری پێشوو بۆ تێگەیشتن و جێبەجێکردنی چەمکە نوێیەکان.
- **بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە** : هەڵسەنگاندنی درووستی و کاریگەری ڕوانینی و پەرەپێدانی ڕوانینی نوێ. (عیدان وشمخي، ٢٠٢٠، ل. ٢٥٤).

**سێیەم:بەدەستهێنان:**

پرۆسەی بەدەستهێنانی چەمکەکان پرۆسەیەکی سروشتییە کە پێش چوونی منداڵ بۆ قوتابخانە دەست پێدەکات، منداڵ لە ژینگەکەی خۆیدا زۆر چەمک دەناسێتەوە و دەتوانێت لە نێوان زۆر شتدا جیاوازی بکات و درککردنی هەستی ئامرازێکی منداڵە بۆ ناسینەوەی ژینگە و ئەو شتانەی تێیدایە... بەهۆی هەستەکانەوە منداڵ پەیوەندییەکان یان تایبەتمەندییەکانی نێوان شتەکان دەناسێتەوە کە ڕەوبەڕووی دەبنەوە، وهەرچەندە ئەزموونەکانی گەشە بکەن و پەرەبسێنن، ئەوا قۆناغی تێگەیشتن و درککردنی عەقڵی دەست پێدەکات، کە تیایدا شتەکان پۆلێن دەکات بۆ پۆل یان کۆمەڵەکان بە دیاریکردنی تایبەتمەندییە هاوبەشەکان و دەربڕینی ئەوانەی کە بە شێوەیەکی زارەکین (زیتون، ١٩٩٦ ل.٨٨).

**چوارەم:بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان:**

چەمکەکان ناوەڕۆکی زانستە پەروەردەییە و دەروونیە نوێیەکانن، چونکە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پەرەپێدانی پرۆسە جیاوازەکانی بیرکردنەوە و درووستکردنی پێکهاتەی زانینی پرۆگرامەکانی خوێندن و ڕێکخستنیان، هەروەها ئەوان ئامانجی سەرەکی پرۆسەی خوێندنن، چونکە توانای خوێندکار زیاد دەکەن لە بەکارهێنانی زانیارییەکانی خۆی لە بارودۆخە جیاوازەکان و گواستنەوەی کاریگەری فێربوون لە بارودۆخە پێشووەکان بۆ بارودۆخە نوێیەکان. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوان لە ئاستەکانی فێربوونن کە زۆر ئاڵۆز و قورسن بە بەراورد بە ڕاستییە زانستییەکان، چونکە ڕێگایان پێ دەدرێت خوێندکار تێبگات لە مانای وشەکان، دەستەواژەکان، یان پرۆسەکان کە کار لەسەر پەرەپێدانی توانا و تێگەیشتنی بیرکردنەوە دەکەن و ئەزموونە پێشووەکانیان بۆ تێگەیشتن لە دەوروبەری خۆیان بەکاربهێنن، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەوان بناغەی پێویستن بۆ ڕەفتاری زانین کە دەبێتە هۆی گواستنەوە بۆ فێربوونی ڕێساکان و بیرکردنەوە و چارەسەری کێشەکان، بەو شێوەیە کە چەمکەکان توانای خوێندکار زیاد دەکەن لە جێگیری و هاوئاهەنگی لە ڕێگەی کارلێکی لەگەڵ هاندەرە جیاوازەکانی ژینگە، کە ڕێگایان پێ دەدرێت مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان و شتەکان و بیرۆکەکان بکەن کە تایبەتمەندی هاوشێوەیان هەیە و سەر بە پۆلێکی دیاریکراون .(علوان، ٢٠١٤ ل.٨٢).

ئامانج لە بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان ئەوەیە کە خوێندکاران بتوانن لەو پێکهاتە و ڕێسایانە تێبگەن کە زمانی کوردی بەڕێوەدەبەن بە خستنەڕووی چەمکە ڕێزمانییەکان بە

شێوەیەکی هەنگاوی و سیستماتیک، ئەمەش یارمەتیان دەدات بۆ شیکردنەوەی ڕستە و بەکارهێنانی ڕێساکان بە شێوەیەکی دروست لە قسەکردن و نووسیندا، ئامانج لە بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان پەرەپێدانی بیرکردنەوەی زمانەوانی و شیکاری لۆژیکییە، و توانای خوێندکار بۆ بەکارهێنانی زمانەکە بە شێوەیەکی دروست لە ژیانیدا بەرز دەکاتەوە، بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە ڕێسای ڕێزمانی لە ڕێگەی چالاکیی دەروونی چالاک و بەکارهێنانی لە بارودۆخە زمانەوانییە جیاوازەکاندا (نووسین، خوێندنەوە، قسەکردن) و جیاکردنەوەی بەکارهێنانی ڕاست و نادروستی ڕێساکان. (الحسيني، ٢٠٢١ ل.١١).

توێژەر پێی وایە چەمکەکان پێکهاتەی زانینی خوێندکار پێکدەهێنن، چونکە ڕەگ و ڕیشەی پتەوتر و جێگیرترن لە ڕاستییەکان، هەروەها پرۆسەی فێربوون بە دابینکردنی سامانێکی زارەکی بەرفراوان لە چەمک و بنەمای جۆراوجۆر و ڕێکخستنی ئەزموون، کە فێرخواز دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکان بکات و کێشەکان چارەسەر بکات.

**تەوەری دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

| توێژینەوەکانی پێشوو لە سەر بیرکردنەوەی ڕەوانینی | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | ناو و ساڵ و شوێنی توێژینەوە | پرۆگرامی توێژینەوەکە | ناونیشانی توێژینەوەکە | قەبارەی نموونە و قۆناغی خوێندن | هاوتایوونی ئەندامانی نموونەکە | بابەتی خوێندن | ئامرازەکانی توێژینەوە | ئامرازە ئامارییەکان | ئەنجامەکان |
| ١ | الرحيم وعبد السلام واسامة ٢٠١٨ عێراق | ئەزموونی | کاریگەری ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی لە دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی دووەمی ناوەندی لە بابەتی زیندەوەرزانی و گەشەپێدانی ئاگایی ژینگەیی لەواندا | ٥٤ قوتابیی کچان لە پۆلی دووی ناوەندی | تەمەنی کاتی هەژمارکراو بە مانگ ، نمرەکانی ساڵی پێشوو، دەستکەوتی باوکان و دایکان | زیندەوەرزانی | تاقیکردنەوەی دەستکەوت و پێوەری هۆشیاری تێوان کەسەکان | تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ تاقیکردنەوەی ئالیومربع کای و هاوکۆلکەی هەڵە هاوکۆلکەی کیودر ریتشارد سون | سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراودا |
| توێژینەوەکانی پێشوو لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان | | | | | | | | | |
| ٣ | متیوش ٢٠١٥ عێراق | ئەزموونی | کاریگەری مۆدێلی مەکارسی لە بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لە خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی ناوەندی | ٦٠ قوتابی ٣٠ قوتابی لە کۆمەڵەی ئەزموونی و ٣٠ قوتابی لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو پۆلی دووەمی ناوەندی | تەمەنی هەژمارکراو بە مانگ ، نمرەکانی ساڵی پێشوو، دەستکەوتی باوکان و دایکان | زمانی عەرەبی | تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان | تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ هاوکۆلکەی پەیوەندی بیرسۆن وچوارگۆشەی کای و هاوکۆلکەی گرانی و هاوکۆلکەی جیاکاری | سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراودا |

**چوارەم: سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو**

١) دیاریکردنی بۆشایی توێژینەوە پێشووەکان

٢) خۆبەدوورگرتن لە دووبارەکردنەوە .

٣) بنیاتنانی چوارچێوەی تیۆری و میتۆدی

٤) پشتگیریکردن لە هەڵویستی توێژەر
٥) بەراورد و شیکاریکردن
٦) دارشتنی پرسیار و گریمانەکان
٧) رێنماییکردنی توێژەر بۆ سەرچاوەی نوێ
٨) بەرزکردنەوەی کوالێتی نامەی زانستی.

**بەشی سێیەم: میتۆدی توێژینەوە و رێکارەکانی**

**یەکەم: رێبازی توێژینەوەکە** :توێژەر رێبازی ئەزموونی بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، چونکە ئەم رێبازە یەکێکە لە باشترین رێبازە زانستییەکان کە تایبەتمەندییەکانی رێگەی زانستی تێدا دەردەکەوێت.

**دووەم: دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر یەکێک لە دیزاینەکانی کۆنترۆڵی بەشی هەڵبژاردووە، کە بریتییە لە دیزاینی ئەزموونی بۆ دوو کۆمەڵەی هاوسەنگ کە تاقیکردنەوەی پاشەکییان تێدایە، ئەم دیزاینە بەگوێرەی سروشت و دۆخی توێژینەوەکە دیاریکراوە و هەوڵێکە بۆ دڵنیابوون لە وردی ئەنجامەکان، هەروەها ئەم دیزاینە لەگەڵ هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەکەدا گونجاوە، لەبەرئەوەی پۆلەکانی قوتابخانە پێشتر لەلایەن بەڕێوەبەراییەتی قوتابخانەوە دابەشکراون و توێژەر ناتوانێت کاریگەری لەسەر دابەشکردنیان هەبێت،شێوەی(١) ئەمە رووندەکاتەوە.

| کۆمەڵە | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشتبەست | ئامرازەکان |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی | چەمکە رێزمانییەکان بۆ بابەتی خوێندنەوەی کوردی | ١. تاقیکردنەوەی چەمکە رێزمانییەکان |
| کۆنترۆڵکراو | | | |

**شێوەی(١) کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە کە یەکێکیان ئەزموونی و ئەوەیتریان کۆنترۆڵکراوە**

**سێیەم: کۆمەڵگای توێژینەوەکە:**کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی بەغداد / کەرخی دووەمی خوێندنی بەیانیان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥، لە قوتابخانە (ئامادەیی و دواناوەندیی) حکومییەکان.

**چوارەم: نموونەی توێژینەوەکە:** بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دوو هۆبەی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی دیاریکران، کەیەکێکیان کۆمەڵەی ئەزموونی (هۆبەی ئەلف) و ئەویتری کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە(هۆبەی جیم)ە، ژمارەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی (٣٥) خوێندکار و ژمارەی خوێندکارەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (٣٥) خوێندکار بوو، دوای دەرکردنی خوێندکارە تەمەن گەورەکان و ئەوانەی کە ماونەتەوە (کە ژمارەیان ٤ خوێندکار بوو لە هەردوو هۆبەکە)، بۆ

ئەوەی ئەزموونی پێشوویان کاریگەری لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە نەکات، بەشێوەیەکی کۆتایی کۆی ژمارەی نمونەکە (٧٠) خوێندکار بوو، و خشتەی (٥) ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی(٥) ژمارەی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو پێش و پاش دورکردنەوە**

| کۆمەڵە | هۆبە | ژمارەی خوێندکاران پێش دورکردنەوە | ژمارەی خوێندکارانی دورکراو | ژمارەی خوێندکارانی کۆتایی |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ا | ٣٧ | ٢ | ٣٥ |
| کۆنترۆڵکراو | ب | ٣٧ | ٢ | ٣٥ |
| کۆی گشتی | | ٧٤ | ٤ | ٧٠ |

## پێنجەم: هاوتابوونی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە

### سەلامەتی ناوەکی دیزاینی ئەزموونی:

### ١. تەمەنی خوێندکاران:

**خشتەی (١) ناوەند ژمێری و لادانی پێوەری و بەهای تائی(هەژمارکراو و خشتەیی)، نمرەی ئازادی و بەڵگەداری ئاماری نمرەکانی خوێندکارانی دوو کۆمەڵەی توێژینەوە لە تەمەنی هەژمارکراو بە مانگ**

| کۆمەڵە | نموونە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٥ | ٢٠١,٩١ | ٩,٣١٣ | ٨٦ | ٠,٧٦٦ | ٢,٠٠٠ | مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٥ | ٢٠٠,٣٤ | ٧,٧٧٢ | | | | |

### ٢. نمرەکانی دەستکەوتی ساڵی پێشوو:

**خشتەی (٢ ) ناوەندی ژمێری، لادانی پێوەری، بەهای تائی (هەژمارکراو و خشتەیی)، نمرەی ئازادی و واتای ئاماری نمرەکانی خوێندکارەکانی دوو کۆمەڵەکە لە نمرەکانی دەستکەوتی پێشوو.**

| کۆمەڵە | نموونە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمار کراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٥ | ٧٣,٧١ | ١٠,٠٣١ | ٦٨ | ٠,٧٨٠ | ٢,٠٠٠ | مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٥ | ٧٥,٥٧ | ٩,٨٩٤ | | | | |

### ٣. دەستکەوتی خوێندنی باوکان:

**خشتەی (٣) تاقیکردنەوەی کای دووجا ($\chi^2$) بۆ زانینی جیاوازی ئاماژەپێکراو لە نێوان دوو کۆمەڵەی توێژینەوە لە ئاستی دەستکەوتی خوێندنی باوکان**

| کۆمەڵە | | ژمارە | ئاستی دەستکەوتی خوێندن | | | | | نمرەی ئازادی | بەهای چوارگۆشەی کای | | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | سەرەتایی یان کەمتر | ناوەندی | ئامادەیی | دبلۆم | بەکالۆریۆس | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| باوکان | ئەزموونی | ٣٥ | ٨ | ٧ | ٩ | ٦ | ٥ | ٤ | ٠,٩٧٩ | ٩,٤٩ | مانادار نییە |
| | کۆنترۆڵکراو | ٣٥ | ٦ | ٨ | ٧ | ٨ | ٦ | | | | |

## ٤.دەستکەوتی خوێندنی دایکان:

**خشتەی (٤) پێوەری کای دووجا ($\chi^2$) بۆ زانینی جیاوازی نێوان دوو کۆمەڵەکە لە ڕووی ئاستی دەستکەوتی خوێندنی دایکانەوە**

| کۆمەڵە | | ژمارە | ئاستی دەستکەوتی خوێندن | | | | | نمرەی ئازادی | بەهای چوارگۆشەی کای | | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | سەرەتایی یان کەمتر | ناوەندی | ئامادەیی | دبلۆم | بەکالۆریۆس | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| دایکان | ئەزموونی | ٣٥ | ٥ | ٨ | ٧ | ٨ | ٧ | ٤ | ٠,٢٩١ | ٩,٤٩ | مانادار نییە |
| | کۆنترۆڵکراو | ٣٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٧ | ٧ | | | | |

## ٥. زانیاری پێشوو:

**خشتەی (٥) ناوەند ژمێری، ولادانی پێوەری، بەهای تی (هەژمارکراو و خشتەی)، نمرەی ئازادی و ئاماژەپێکراوی ئاماری نمرەکانی خوێندکارەکانی هەردوو کۆمەڵەکە لە دەستکەوتی پێشوو**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٥ | ١٤,٨٦ | ٣ ,٣١ | ٦٨ | ٠,٨٥٣ | ٢,٠٠٠ | مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٥ | ١٤,٢٩ | ٢,٥٥٠ | | | | |

## ٦. تاقیکردنەوەی زیرەکی.

**خشتەی (٦) ناوەند ژمێری ، و لادانی پێوەری، بەهای تائی (هەژمارکراو و خشتەیی)، نمرەی ئازادی و ئاماژەپێکراوی ئاماری نمرەکانی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوە لە پێوەری زیرەکیدا.**

| کۆمەڵە | نموونە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٥ | ٣٧,٣٧ | ٦,٨٩٩ | ٦٨ | ٠,٤٥٨ | ٢,٠٠٠ | مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٥ | ٣٦,٤٩ | ٩,١٤١ | | | | |

**سەلامەتی دەرەکی دیزاینی ئەزموونی (کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە دەرەکییەکان)**

له خوارەوە ئەم گۆڕارانە و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنیان دەخەینە ڕوو:

**١. بارودۆخی ئەزموونی و هۆکارە هاوپێچەکان**

خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە (کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو) لە ماوەی تاقیکردنەوەکەدا بەرکەوتەی هیچ ڕووداوێک نەبوون لە ناوەوە یان دەرەوەی تاقیکردنەوەکەدا.

**٢. پرۆسەکانی پەیوەست بە پێگەیشتن**

توێژەر هەستی بە هیچ کاریگەرییەکی ئەم هۆکارە نەکرد لەسەر گۆڕاوە وابەستەکراوەکە چونکە ماوەی تاقیکردنەوەکە تارادەیەک کورت و یەکسان بوو لە نێوان هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە (کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو).

**٣. هەڵبژاردنی ئەندامانی نموونە**

ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە (کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو) بە شێوازی هەڵبژاردنی هەڕەمەکی دیاریکران، هەروەها یەکسانی ئاماری لە نێوان هەردوو کۆمەڵەکەدا لە گۆڕەکانی (دەستکەوتی پێشووی لە زمانی کوردی، تاقیکردنەوەی زانیاری پێشوو، تاقیکردنەوەی زیرەکی، تەمەن، دەستکەوتی خوێندنی دایکان و باوکان) جێبەجێکرا کە دەریخست هەردوو کۆمەڵەکە یەکسانن لەڕووی ئامارییەوە.

**٤. ئامرازەکانی پێوانە**

توێژەر هەمان ئامرازی پێوانەی بەکارهێنا لە تاقیکردنەوەی چەمکەکانی ڕێزمانی کوردی بۆ هەردوو کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) و بەم شێوەیە ئەم گۆڕارە کۆنترۆڵکرا.

**٥. جێهێڵراوان لە ئەزموونەکە**

ئەم گۆڕارە کاریگەری لەسەر ئەزموونەکە نەبوو، سەرەڕای ئەوەی دوو خوێندکار لە کۆمەڵەی ئەزموونی جێیان هێشت، چونکە ئەو دوو خوێندکارە دوور خرابوونەوە لە ڕووی ئامارییەوە بەهۆی مانەوەیان.

**٦. شوێنی ئەزموونەکە:** ئەزموونەکە لە هەمان قوتابخانە (ئامادەیی ئەغادیر زانستیی کچان) بۆ هەردوو کۆمەڵەکە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) جێبەجێکرا، لە هەمان دوو پۆلدا کە لەڕووی ڕووبەر، ڕووناکی، ژمارەی کورسی، جۆری کورسی و فێنککەرەوە یەکسان بوون.

**٧. ماوەی تاقیکردنەوەکە**

ماوەی تاقیکردنەوەکە بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە وەک یەک بوو، بەو پێیەی توێژەر لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٢ / ١٠ / ٢٠٢٤) دەستی بە وانەوتنەوە لە هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە کردووە تا ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٤ / ١٢ /٢٠٢٤).

**٨ . پاراستنی نهێنی تاقیکردنەوەکە لە قوتابخانەکە**

بۆ دڵنیابوون لە درووستی ئەنجامەکان، توێژەر لەگەڵ کارگێڕی قوتابخانەکەدا ڕێککەوت لەسەر نهێنی توێژینەوەکە، بەو پێیەی توێژەرەکە مامۆستایەکی نوێ بوو لە قوتابخانەکەدا وانەی بیرکاری بۆ خوێندکارانی پۆلی دووەمی ناوەندی دەگوتەوە.

**٩. دابەشکردنی بەشەوانەکان**

**خشتەی (٧) دابەشکردنی بەشەوانەکانی زمانی کوردی بۆ کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە**

| ڕۆژ / کۆمەڵە | سێ شەممە | پێنج شەممە |
|---|---|---|
| ئەزموونی | ٩:٣٠ | ١٠:٣٠ |
| کۆنترۆڵکراو | ١٠:٣٠ | ٩:٣٠ |

**شەشەم: ئامرازەکانی توێژینەوکە**

**داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان:**

توێژەر هەستا بە داڕشتنی (٩٢) ئامانجی ڕەفتاری کە دابەشکرا بەسەر ئاستەکانی (بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن) لە ئاستەکانی زانینی بلوم.

- **ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندەکان:**

توێژەر خشتەیەکی تایبەتمەندی تایبەت بە ناوەڕۆکی خوێندن ئامادەکردووە، بەپێی ئامانجە ڕەفتارییەکانی کە لێیەوە وەرگیراون و بەپێی ئاستە زانینەکانی بلۆم، و ئەمەش بەم شێوازەی خوارەوە ئەنجامدراوە:

- **دیاریکردنی کاتی پێویست بۆ خوێندنی بابەتەکە:**

توێژەر کاتی پێویستی بۆ خوێندنی هەر بابەتێکی دیاریکردووە، پاشان گرنگی ڕێژەیی هەر بابەتێکی دیاریکردووە (واتە بەشی گرنگی بابەت) لە ڕێگەی دابەشکردنی کاتی خوێندنی بابەتەکە لەسەر کۆی کاتی خوێندن و لێدانی ئەنجامەکە لە (١٠٠).

- **دیاریکردنی ژمارەی گشتی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە:**

**خشتەی(٨) خشتەی تایبەتمەندییەکان ( نەخشەی تاقیکردنەوە)**

| ژ | ناوەڕۆکی بابەت | ژمارەی ئامانجەکان | گرنگی ڕێژەیی بابەت | ئاستەکانی زانین: بیرهاتنەوە %٣٦ | تێگەیشتن %٣٥ | جێبەجێکردن %٢٩ | ژمارەی بڕگەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جێناوی جوودا | ٩ | %١٠ | ١ | ١ | — | ٢ |
| ٢ | جێناوی لکاو | ١١ | %١٢ | ١ | ١ | ١ | ٣ |
| ٣ | ناو لەڕووی ژمارەوە | ١٠ | %١١ | ١ | ١ | ١ | ٣ |
| ٤ | ناو لە ڕووی ناسینەوە | ١٠ | %١١ | ١ | ١ | ١ | ٣ |
| ٥ | ئامرازەکانی پرس | ١٥ | %١٦ | ٢ | ١ | ١ | ٤ |
| ٦ | کاری ڕابردوو | ١٢ | %١٣ | ١ | ١ | ١ | ٣ |
| ٧ | کاری ڕانەبردوو | ٧ | %٨ | — | ١ | ١ | ٢ |
| ٨ | کاری داخوازی | ٨ | %٨ | ١ | ١ | — | ٢ |
| ٩ | هاوەڵکار | ١٠ | %١١ | ١ | ١ | ١ | ٣ |
| ١٠ | کۆی گشتی | ٩٢ | %١٠٠ | ٩ | ٩ | ٧ | ٢٥ |

**ئامادەکردنی بڕگەکانی تاقیکردنەوە:**

- **باسکردنی شێوەی یەکەمی تاقیکردنەوە:**

تاقیکردنەوەکە لە (٢٥) بڕگە پێکهاتووە کە پێوانی چەمکە ڕێزمانییەکان دەکات، هەر بڕگەیەک چوار هەڵبژاردەی هەیە، یەکێکیان وەڵامی ڕاستە و سێکەی تر هەڵەن، هەر بڕگەیەک بە (١) یان (٠) هەژمار دەکرێت، (١) بۆ وەڵامی ڕاست و (٠) بۆ وەڵامی هەڵە، بەم شێوەیە بەرزترین نمرە لە تاقیکردنەوەکەدا (٢٥)نمرەیە و نزمترین نمرە (٠)ە.

- **شیکردنەوەی لۆژیکی بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوە** :بۆ دڵنیابوون لە گونجاوبوونی بڕگەکان و گونجاندنیان بۆ پێوانی ئەوەی کە بۆی دانراون، پشکنەرانی پسپۆڕ بە ڕێژەی (١٠٠%) هاوڕابوون.

**ڕوونی ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوە و بڕگەکانی (نموونەی دڵنیابوون)**

جێبەجێکردنی تاقیکردنەوە لەسەر نموونەی دڵنیابوون جێبەجێ کرا، بۆ ناسینەوەی ڕوونی بڕگەکان و هەروەها ناسینەوەی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوە، ژمارەی خوێندکارەکان لە نمونەی دڵنیابوونەکە (٣٠) خوێندکار بوو، و کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە لە نێوان (٢٢-٤١) خولەک بوو، بە تێکڕای (٣٧ خولەک) بوو، تێکڕای کات بە کۆکردنەوەی کاتی هەر خوێندکارێك و دابەشکردنی لەسەر ژمارەیان (کاتی خوێندکاری یەکەم + کاتی خوێندکاری دووەم + ... + کاتی خوێندکاری کۆتایی، دابەشکراو لەسەر ژمارەیان).

- **شیکاری ئاماری بڕگەکانی تاقیکردنەوە:**

دوای ڕاستاندنی وەڵامەکانی خوێندکاران، نمرەکانی تاقیکردنەوەی چەمکە ڕێزمانییەکان بە ڕیزبەندی لە بەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین نمرە ڕێکخران، (٢٧%)ی بەرزترین نمرەکان وەک کۆمەڵەی بەرز و (٢٧%)ی نزمترین نمرەکان وەک کۆمەڵەی نزم هەڵبژێردران، بەم شێوەیە ژمارەی هەر کۆمەڵەیك (٨١) خوێندکار بوو، پاشان توێژەر شیکاری ئاماری ئەنجامدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

- **هاوکۆلکی گرانی بڕگەکان:** دوای هەژمارکردنی هاوکۆلکی گرانی هەر بڕگەیەک، ڕوون بویەوە کە هەموو بڕگەکانی تاقیکردنەوە قبوڵکراو و هاوکۆلکی گرانی باشیان هەیە، وەک لە خشتەی (٩) دیارە.

- **هێزی جیاکاری بڕگەکانی تاقیکردنەوە:** کاتێک هێزی جیاکاری هەر بڕگەیەکی تاقیکردنەوەی چەمکە ڕێزمانییەکانی خوێندکاران ژمێردرا، ڕوون بویەوە کە بڕگەکان قبوڵکراون لە ڕووی هێزی جیاکەرەوەییەوە، وەک لە خشتەی (٩) دیارە.

**خشتەی (٩): هاوکۆلکی گرانی بڕگەکان و هێزی جیاکارییان**

| بڕگە | هاوکۆڵەکەی گرانی | هێزی جیاکاری | بڕگە | هاوکۆڵەکەی گرانی | هێزی جیاکاری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠.٥٤ | ٠.٥٣ | ١٤ | ٠.٦٧ | ٠.٥٤ |
| ٢ | ٠.٥٩ | ٠.٥٢ | ١٥ | ٠.٦٧ | ٠.٦٠ |
| ٣ | ٠.٦٧ | ٠.٥٧ | ١٦ | ٠.٦٥ | ٠.٤٣ |
| ٤ | ٠.٥١ | ٠.٧١ | ١٧ | ٠.٥٦ | ٠.٤٨ |
| ٥ | ٠.٤٢ | ٠.٥٨ | ١٨ | ٠.٦١ | ٠.٥٢ |
| ٦ | ٠.٦٠ | ٠.٦٢ | ١٩ | ٠.٧٠ | ٠.٦٢ |
| ٧ | ٠.٦٢ | ٠.٦٠ | ٢٠ | ٠.٦٧ | ٠.٦٠ |
| ٨ | ٠.٥٣ | ٠.٥٣ | ٢١ | ٠.٥٩ | ٠.٥٧ |
| ٩ | ٠.٥٨ | ٠.٣٨ | ٢٢ | ٠.٦٦ | ٠.٦٢ |
| ١٠ | ٠.٦٠ | ٠.٤٣ | ٢٣ | ٠.٥٢ | ٠.٥٨ |
| ١١ | ٠.٥٥ | ٠.٦٢ | ٢٤ | ٠.٧٤ | ٠.٦٢ |
| ١٢ | ٠.٥٨ | ٠.٥٥ | ٢٥ | ٠.٦٧ | ٠.٥٣ |
| ١٣ | ٠.٤٤ | ٠.٤٩ | | | |

- **کارایی جێگرەوە هەڵەکان**

وڵامەکانی خوێندکاران بۆ پرسیارە فرە هەڵبژاردنەکان جیا جیا ڕێکخران و دابەشکران بەسەر دوو کۆمەڵەی بەرز و نزم، دوای بەکارهێنانی هاوکێشەی کارایی جێگرەوە هەڵەکان، دەرکەوت کە کارایی هەڵەبژاردەکان لە نێوان (٠.٦١ _ ١٤٨-) دایە،. وەک لە خشتەی (١٠)دا دیارە.

**خشتەی (١٠): بەهای کارایی جێگرەوە هەڵەکان**

| [illegible] | جێگرەوەی وڵام | | | | [illegible] | جێگرەوەی وڵام | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ا | ب | پ | ت | | ا | ب | پ | ت |
| ١ | ٠,٠٤٩- | | ٠,١٢٣- | ٠,٠٣٧ | ١٤ | ٠,٠٢٤ | ٠,١١١- | | ٠,٠٤٩- |
| ٢ | | ٠,٠٨٦- | ٠,٠٦١ | ٠,٠٢٤- | ١٥ | ٠,٠٣٧- | | ٠,٠٦١- | ٠,٠٤٩ |
| ٣ | | ٠,٠٣٧- | ٠,٠٧٤- | ٠,١٣٥- | ١٦ | | ٠,٠٤٧- | ٠,٠٣٧- | ٠,٠٦١ |
| ٤ | | ٠,٠٢٤ | ٠,١٢٣- | ٠,٠٩٨- | ١٧ | | ٠,٠٤٩ | ٠,٠٨٦- | ٠,٠٢٤- |
| ٥ | ٠,٠٣٧- | | ٠,١١١- | ٠,٠٤٩- | ١٨ | ٠,٠٩٨- | ٠,٠٦١- | | ٠,٠٣٧- |
| ٦ | ٠,١٤٨- | ٠,٠٢٤- | ٠,٠٢٤- | | ١٩ | | ٠,٨٦- | ٠,٠٤٩- | ٠,٠٢٤- |
| ٧ | | ٠,٠٦١- | ٠,٠٣٧- | ٠,٠٢٤- | ٢٠ | ٠,١٢٣- | ٠,٠٢٤- | ٠,٠٣٧ | |
| ٨ | | ٠,١١١- | ٠,٠٢٤- | ٠,٠٤٩ | ٢١ | ٠,٠٤٩- | | ٠,١٤٨- | ٠,٢٤- |
| ٩ | | ٠,٠٢٤- | ٠,٠٤٩- | ٠,٠٧٤- | ٢٢ | ٠,٠٦١- | | ٠,٠٣٧- | ٠,٠٤٩- |
| ١٠ | ٠,٠٨٦- | ٠,٠٣٧- | | ٠,٠٢٤- | ٢٣ | | ٠,٠٤٩- | ٠,٠٢٤- | ٠,١٣٥- |
| ١١ | | ٠,٠٤٩- | ٠,١٢٣- | ٠,٠٣٧- | ٢٤ | ٠,٠٣٧- | ٠,٠٢٤- | ٠,١٢٣- | |
| ١٢ | ٠,٠٦١- | ٠,٠٣٧ | | ٠,٠٤٩- | ٢٥ | ٠,٠٦١- | | ٠,٠٤٩- | ٠,١١١- |
| ١٣ | ٠,٠٤٩ | ٠,٠٧٤- | | ٠,٠٢٤- | ** | ** | ** | ** | ** |

- **هاوكۆڵەکەی ڕاستگۆیی برگ** :پێوانەی پەیوەندی نێوان نمرەی گشتیی هەڵسەنگاندنەکە و نمرەی دووڕەهەندی (جیاکراوە)ی هەر برگەیەك، ڕوون بوویەوە کە هەموو ڕێژەکانی ڕاستگۆی برگەکان بە ڕێژەی ئامارییەوە بەرچاو بوون لە ئاستی (٠.٠١) وەک لە خشتەی (١٩)دا دیارە.

**خشتەی (١١) هاوکۆڵەکەی ڕاستگۆیی برگەکان**

| برگە | هاوکۆڵەکەی ڕاستگۆیی برگە | برگە | هاوکۆڵەکەی ڕاستگۆیی برگە |
|---|---|---|---|
| ١ | ٠,٦٣ | ١٤ | ٠,٣٩ |
| ٢ | ٠,٤٤ | ١٥ | ٠,٤٥ |
| ٣ | ٠,٧١ | ١٦ | ٠,٥٨ |
| ٤ | ٠,٦٧ | ١٧ | ٠,٤٤ |
| ٥ | ٠,٤٩ | ١٨ | ٠,٣١ |
| ٦ | ٠,٥٠ | ١٩ | ٠,٦٤ |
| ٧ | ٠,٤٦ | ٢٠ | ٠,٦٨ |
| ٨ | ٠,٦٢ | ٢١ | ٠,٥٦ |
| ٩ | ٠,٣٧ | ٢٢ | ٠,٣٩ |
| ١٠ | ٠,٤٢ | ٢٣ | ٠,٤٧ |
| ١١ | ٠,٤٣ | ٢٤ | ٠,٧٧ |
| ١٢ | ٠,٥٦ | ٢٥ | ٠,٥٧ |
| ١٣ | ٠,٤٧ | | |

**تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەی چەمکە ڕێزمانییەکان:**

توێژەر تایبەتمەندییە دەروونییەکانی تاقیکردنەوەکەی بەم ڕێگایانە دەرخستووە:

١. **ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکە:** لەم توێژینەوە توێژەر دوو جۆری ڕاستگۆی دەرخستووە ئەوانیش (ڕاستگۆی ناوەڕۆک و ڕاستگۆی پێکهاتە)

ا. **ڕاستگۆیی ناوەڕۆک:** توێژەر ڕاستگۆیی ناوەڕۆکی تاقیکردنەوەی ئێستای پشتڕاستکردەوە، کاتێک تاقیکردنەوەکە و برگەکانی و ئامانجە ڕەفتارییەکان و بابەتەکانی پێشکەش بە کۆمەڵێک شارەزا و پسپۆڕ لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی.

ب. **ڕاستگۆیی پێکهاتە:** توێژەر دڵنیابویەوە لە ڕاستگۆیی پێکهاتەی تاقیکردنەوەکەی بە ڕێگای سەلماندنی جیاکاری برگەکان، کە هەموو برگەکان جیاکاری باشیان هەبوو، هەروەها دڵنیابویەوە لە یەکگرتوویی برگەکان لە پێوانەی ئامانجەکە بە پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەک بە نمرەی گشتی تاقیکردنەوەکە ، کە بە یەکێک لە ئامانجەکانی ڕاستگۆیی بونیات دادەنرێت، پشتڕاستکرایەوە

کە هەموو بڕگەکان لە ڕووی ئامارییەوە گرنگ بوون، بەم شێوەیە، توێژەر ڕاستگۆیی پێکهاتەی تاقیکردنەوەی ئێستای پشتڕاست کردووەتەوە.

**٢ . جێگیری تاقیکردنەوەکە**

بەپشتبەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) و بەبەکارهێنانی وەڵامەکانی نمونەی شیکاری ئاماری کە ژمارەیان (٣٠٠ ) بوو لەسەر تاقیکردنەوەکە، دەرکەوت کە ڕێژەی جێگیری (٠.٨٩) بووە، و بەمجۆرە ڕێژەی جێگیری تاقیکردنەوەکە باشە.

**نۆیەم: ڕێکارەکانی جێبەجێکردن**

**ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوە**

ئەزموونەکەی لە ڕۆژی (سێشەممە،٢٠٢٤/١٠/٢٢) جێبەجێ کرد و لە ڕۆژی (سێشەممە٢٠٢٤/١٢/٢٤ ) کۆتایی پێهێنا، وپاشان ئامرازی توێژینەوە (تاقیکردنەوە چەمکە ڕێزمانیەکان)ی جێبەجێ کرد، و بۆ ئەوەی ڕێکارەکانی تاقیکردنەوە بە شێوەیەکی درووست جێبەجێ بکرێن.

**ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوە**

توێژەر خوێندکارەکانی هەردوو کۆمەڵەکە لە کاتی تاقیکردنەوەکە ئاگادار کردەوە بە پێشەکی حەفتەیەک بۆ ئامادەبوون بۆی، تاقیکردنەوەی چەمکە ڕێزمانییەکان بۆ پێوانەی گۆڕاوی پشتبەست لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٣١) جێبەجێ کرا.

**ڕێکارەکانی ڕاستاندن**

دوای ئەوەی توێژەر تاقیکردنەوەکەی بۆ هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو جێبەجێ کرد، بە پێی کلیلی ڕاستاندن وەڵامەکانی چەمکە ڕێزمانییەکانی خوێندکارەکانی ڕاستکردەوە.

**هەشتەم. ئامرازە ئامارییەکان:**

**یەکەم** :جانتایی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان(SPSS) ، بەکارهاتووە لە هەریەک لە: (تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ(t-test) ،چوارگۆشەی کای،هاوکێشی ئەلفا-کرۆنباخ ،هاوکێشی گرانی بڕگەکان،هاوکێشی جیاکاری بڕگەکان،کاریی جێگرەوە هەڵەکان،هاوکێشی بەستنەوەی دووانی (Point-Biserial) ، هاوکێشی دیاریکردنی قەبارەی کاریگەری هاوکێشەی دووجای ئیتا+($\eta^2$ ).

**بەشی چوارەم : خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان و دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پێشنیازەکان:**

**یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان:**

توێژەر دوای تەواوکردنی تاقیکردنەوەی توێژینەوەکە بەپێی ئەوهەنگاوانەی کە لە بەشی سێیەمدا ئاماژەی پێکرد، شیکاری بۆ ئەو ئەنجامانەی کرد کە پێی گەیشتووە بۆ زانینی کاریگەریی

(ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی) لە بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لە بابەتی خوێندنەوە ی زمانی کوردیی نوێ، بۆ خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و بۆ زانینی گرنگی جیاوازییە ئامارییەکانی نێوان هەردوو کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)، پاشان پشتڕاستکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوەکە، و ئاشکرا کردنی ئەوەی کە ئایا ئەنجامی توێژینەوەکان پشتگیری لەم گریمانانە دەکەن یان نا.

**ئامانجی توێژینەوەکە: زانینی کاریگەریی (ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی) لە بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لەلای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی.**

بۆ پشتڕاست کردنەوەی گریمانی سفری کە دەڵێت **(جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری نییە لە ئاستی (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەکانی خوێنکارانی کۆمەڵەی ئەزموونیدا کە وانەکەیان بە ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی خوێند و ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بەڕێگای ئاسایی وانەکانیان خوێند لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان ) .**

توێژەر خۆی وەڵامەکانی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)ی ڕاستکردەوە پاشکۆی (٥)، پاشان ناوەند ژمێری ولادانی پێوەری هەردوو کۆمەڵەی(ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)ی هەژمار کرد، تێکڕای نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتە(١٦.٨٦) بە لادانی پێوەری(٣.٨٥١)، لەکاتێکدا تێکڕای نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو گەیشتە (١٣.٣٧) بەلادانی پێوەری (٣.٦٧١).

دەرکەوت کە تێکڕای نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی بەرزترە لە تێکڕای نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی چەمکە ڕێزمانییەکان، بەڵام توێژەر بڕیاریدا گرنگی جیاوازی نێوان تێکڕای نمرەی خوێندکاران لە هەردوو کۆمەڵەکەدا بزانێت بۆ ئەوەی دروستی گریمانە سفرێکەی سەرەوە بسەلمێنێت، بۆیە تاقیکردنەوەی تائی(t-test) ی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهێناوە لە ڕێگای پرۆگرامی ئاماری (SPSS) ئەنجامەکان دەریانخست کە جیاوازییەکە لە ئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥) دا مانادارە، چونکە بەهای تائی هەژمارکراو (٣.٨٧٦)بووە کە گەورەترە لە بەهای تائی خشتەیی کە (٢.٠٠٠)بوو بە نمرەی ئازادی (٦٨) ، لە ئەنجامدا، توێژەر گریمانەی سفری ڕەتکردەوە، ئەویش ئەوەیە کە جیاوازییەکی ڕاستەقینە و ئامارییانە هەیە لە نێوان تێکڕای نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە ستراتیژییەتی (بیرکردنەوەی ڕوانینی) خوێندوویانە و تێکڕای نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی خوێندوویانە لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانیەکاندا، ئەم جیاوازییە لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونییە، وەک لە خشتەی (١٢) دا

دیارە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی کاریگەری هەیە لە بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانیەکان لە بابەتی خوێندنەوەی زمانی کوردیدا نوێدا.

**خشتەی (١٢): تاقیکردنەوەی تائی(t-test) ی بۆ جیاوازی لە نێوان تێکڕای نمرەکانی دوو کۆمەڵەکە لە چەمکە ڕێزمانیەکاندا**

| کۆمەڵە | نموونە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٥ | ١٦.٦٨ | ٣.٨٥١ | ٨٦ | ٣.٨٧٦ | ٢.٠٠٠ | مانادارە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٥ | ١٣.٣٧ | ٣.٦٧١ | | | | |

**- قەبارەی کاریگەریی:**

لە کاتی هەژمارکردنی قەبارەی کاریگەری (ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕاونینی) لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لە بابەتی زمانی کوردی نوێ، دەرکەوت کە قەبارەی کاریگەرییەکە گەیشتووەتە (٠.١٨٠)، هەر بۆیە قەبارەی کاریگەریی (ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕاونینی) لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لە بابەتی خوێندنەوەی زمانی کوردیی نوێ بە گەورە دادەنرێت، وەک لە خشتەی (١٣)دا دەردەکەوێت.

**خشتەی (١٣ ) قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لە گۆڕاوی پشتبەستدا**

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشتبەست | بەهای قەبارەی کاریگەریی | پێوەری قەبارەی کاریگەریی |
|---|---|---|---|
| ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕوانینی | بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکانی | ٠.١٨٠ | گەورەیە |

**شیکردنەوەی ئەنجامەکان:**

دەتوانرێت سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بەپێی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕاونینی خوێندوویانە بەراورد بە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بەپێی ڕێگای ئاسایی بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان خوێندوویانە، بگەڕێنرێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، لەوانە:

(١) وانەوتنەوە بەپێی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕاونینی یارمەتیدەر بوو لە گواستنەوەی پرۆسەی پەروەردەیی لە ڕێگای فێربوونی ئاساییەوە کە لەسەر بنەمای لەبەرکردن و فێربوونی زارەکی دامەزراوە بۆ ئەو شێوازەی کە لەسەر بنەمای بەشداری چالاک و کاریگەر لە دۆخی پەروەردەیی، توێژینەوە و پرسیارکردن و بەشداری چالاک و کاریگەر، و گەڕان بەدوای چەمکەکاندا، بۆ ئەوەی خوێندکار بتوانێت تێکەڵیان بکات لە پێکهاتەی زانینی خۆیدا.

(٢) بیرکردنەوەی ڕوانینی سەرنجی خوێندکارانی ڕاکێشا و وێنەی چەمکە ئەستەمەکانی نزیک کردەوە و پەیوەندی نێوانیانی دۆزیەوە.

(٣) وانەوتنەوە بە پێی ڕوانینی یارمەتی دا لە دیاریکردن و تێگەیشتنی کێشە و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی لە ڕێگەی چەندین هونەرەوە کە تیشک دەخاتە سەر خەیاڵ و هاوشێوەیی و بەراورد و جێگرەوە، کە ئەمەش کاریگەری خستە سەر ئاستی زانستی خوێندکاران و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنیان.

(٤) جیاوازی تاکەکەسییەکانی نێوان خوێندکارانی لەبەرچاو گرت و لە کاتی پێشکەشکردنی بابەتی هاوشێوەدا، بۆیە پاڵنەرەکانیانی وروژاند و خولیای ئەوەبوون بزانن چی دوو بارودۆخ یەکدەخات کە هاوشێوەیەکی ڕاستەقینە لە نێوانیاندا نییە، هاندەرێک بوو بۆ فێربوونی چەمکی نوێ و ئاشناکردنیان پێی.

**دەرەئەنجامەکان:**

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکەدا هاتووە، دەتوانرێت ئەم ئەنجامانەی خوارەوە بخرێتەڕوو:

١- بەکارهێنانی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی دەبێتە هۆی ئاستێکی بەرزی دەستکەوت لە نێو خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بەدەستهێنانی چەمکەکانی ڕێزمانی کوردی.

٢- وانەوتنەوە بە پێی ئەم ستراتیژییە بابەتی بەدەستهێنانی چەمکەکان ئاسانتر دەکات، بەو پێیەی خوێندکارەکان خۆیان لێکچوونەکانیان کردووە و بەمجۆرە ڕۆڵێکی ئەرێنی و کارایان هەبووە لە بونیاتنانی مانا لە نێوان زانیاری پێشوو و زانیاری نوێدا.

٣- وانەوتنەوە بە پێی ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی بووەتە هۆی بەشداریکردنی چەندین خوێندکار لە کاتی وانەکە.

**ڕاسپاردەکان:**

لە ڕوانگەی ئەو ئەنجامانەی گەیشتوونەتە دەست و لە ڕوانگەی ئەو ئەنجامانەی کە پێشکەش کران، دەتوانین ئەم ڕاسپاردانە پێشکەش بکەین:

١- پشتبەستن بە ستراتیژییەتی بیرکردنەوەی ڕوانینی لە بابەتی زمانی کوردیدا بەهۆی ڕۆڵی کاریگەرانەی لە بەدەستهێنانی چەمکەکانی ڕێزمانی کوردی و توانای دروستکردنی کەشوهەوای هاوکاری لە نێوان خوێندکاراندا.

٢- ئەنجامدانی کۆرس و کۆڕی ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی زمانی کوردی لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی ئەم ستراتیژییەتە و میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی.

٣- دۆزینەوەی ستراتیژییەت و ڕێگای وانەوتنەوەی نوێ کە هانی مامۆستایان بدەن بۆ ئەوەی سەرنجیان لەسەر فێربوونی مانادار بێت، بە لەبەرچاوگرتنی گرنگییەکەی لە ڕێکخستن و ڕیزکردنی پێکهاتەی زانیاری خوێندکاران.

**پێشنیازەکان:**

لە درێژەی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا، توێژەر پێشنیازی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیانە دەکات:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەییەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا و تاقیکردنەوەی لەسەر وانەکانی زمانی تر.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بۆ ئەم توێژینەوەیە و جێبەجێکردنی لە قۆناغەکانی تری خوێندن.

٤- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بۆ ئەم توێژینەوەیە لەسەر گۆڕاوەکانی وەک بیرکردنەوەی داهێنەرانە و پەرەپێدانی تواناکانی پشتەوەی زانین و جۆرەکانی تر جگە لە دەستکەوت.

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

کاوانی، دلشاد. (٢٠٢٤). ***فلسفه التفكير: مدخل الى الفكر الفلسفي الكردي***. مديرية الاعلام والنشر سوران، وزارة الثقافة والفنون في حكومة كردستان.

مەحموود، حەواس.(٢٠٢٤). ***نحو تفكير كردي جديد***. دار الزمان للنشر والتوزيع.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

البديري، حسن صعصاع غيدان. رياض هاتف عبيد الخفاجي. محمد عبد الحسن. (٢٠١٩). "أثر استراتيجيةتحليل المهمة التعليمية في اكتساب المفاهيم البلاغية لدى طلبة المرحلة الإعدادية" ***مجلة الاستاذ***. ٥٨ (١).

البيطار، حمدي محمد محمد. (٢٠١٧). استخدام إستراتيجية اليد المفكرة في تدريس مقررالهيدروليكا لتنمية المفاهيم الهيدروليكية والتفكير العملي لدى طلاب الصف الثالث الثانوي الصناعي. ***مجلة كلية التربية***. جامعة أسيوط. مصر.

التميمي، ميسون علي جواد. (٢٠١٥). ***نماذج حديثة لتدريس المفاهيم النحوية (عرض تطبيقي)***. دار الرضوان للنشر والتوزيع.عمان. الأردن.

الحسيني، نضال مصطفى(٢٠٢١) . فاعلية برنامج قائم على استراتيجيات التعلم النشط في تنمية المفاهيم النحوية لدى طلاب المرحلة الإعدادية .***المجلة التربوية***،العدد(٨٨) جامعة سوهاج.

حميد، د.سلمى مجيد ومحمد، عدنان محمد.( ٢٠١٩). ***مهارة التفكير بين النظريه والتطبيق***. دار امجد للنشر والتوزيع. دار امجد للنشر والتوزيع. الاردن

الديب، فتحي. (١٩٨٧). الاتجاه المعاصر في تدريس العلوم. ط٣. الكويت. دار القلم

الذوقان, عبيدات وابو السميد، سهيلة. (٢٠٠٩). ***استراتيجيات التدريس في القرن الحادي والعشرين***. ط٢. دييونو للطباعة والنشر والتوزيع. عمان. الاردن.

الرحيم، عبد الرزاق جواد. عبد السلام . جودت جاسم .اسامة .عبد الكاظم مهدي(٢٠١٨)اثر استراتيجية التفكير التناظري في تحصيل طالبات الصف الثاني المتوسط في مادة علم الاحياء وتنمية الوعي البيئي لديهن". ***مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية***. ٧. (٤)

رزوقي ، رعد مهدي و محمد . نبيل رفيق.(٢٠١٩). ***التفكير وانماطه. الجزء الخامس*** . دار الكتب العلمية. بيروت. لبنان.

زاير، سعد علي وداخل،سماء.( ٢٠١٥ ). ***اتجاهات حديثة في تدريس اللغة العربية***. الدار المنهجية. عمان.

زيتون، عايش محمود.(١٩٩٦)***أساسيات الإحصاء الوصفي***. دار عمار للنشر والتوزيع ,عمان.

سعادة، جودت أحمد. (٢٠٠٣). ***تدريس مهارات التفكير***. دار الشروق. (ط ١). الاردن

السلوم، مشعان علي محمد. (٢٠١٩). فعالية إستراتيجية اليد المفكرة على تنمية المفاهيم والمهارات الحسابية لدى التلاميذ ذوي صعوبات التعلم . ***مجلة تربويات الرياضيات***. الجمعية المصرية لتربويات الرياضيات.مصر

الشمري، عيدان محمد براك . شمخي، محمد عبد الله. (٢٠٢٠). أثر استراتيجية التفكير التناظري في اكتساب مفاهيم قواعد اللغة العربية لدى طالبات المرحلة المتوسطة. ***مجلة الاستاذ***. ٥٩ (٣).

عصر، حسني عبد الباري. (٢٠٠٥). ***الاتجاهات الحديثة لتدريس اللغة العربية في المرحلتين الإعدادية والثانوية*** . مركز إسكندرية للكتاب . القاهرة.

علوان ، يوسف فاضل. (٢٠١٤). ***المفاهيم العلمية واستراتيجيات تعليمها***.دار الكتب العلمية.

العموش، ريم عبدالكريم عواد. (٢٠٢٢). أثر استراتيجية التفكير التناظري في تنمية مهارات الفهم الاستماعي لدى طالبات الصف الرابع الأساسي في مبحث اللغة العربية.. ***مجلة الاستاذ***. ٦١( ٢)

عيدان، بيداء عبد الرضا. و شمخي، عدي عبد. (٢٠٢٠). أثر استراتيجية التفكير التناظري في اكتساب مفاهيم قواعد اللغة العربية لدى طالبات المرحلة المتوسطة. ***مجلة الاستاذ***.٥٩.(١).

العيفان، أمثال خالد عبد الله. (٢٠١٦). ***تطوير بيئة تعلم مدمج وفق إستراتيجية "اليد المفكرة" وأثرها على تنمية بعض المفاهيم العلمية ومهارات التفكير الأساسية لطفل الروضة***. ماجستير (غير منشورة)، كلية الدراسات العليا.

قطامي ، يوسف قطامي.( ١٩٩٨). ***استراتيجيات التعلم والتعليم المعرفية***. دار المسيرة للنشر والتوزيع . عمان. الاردن.

قطامي ، يوسف قطامي.( ٢٠١٣). ***استراتيجيات التعلم والتعليم***. دار المسيرة للنشر والتوزيع . عمان. الاردن.

متهوش، هدى هاشم احمد . (٢٠١٥). ***أثر استعمال انموذج مكارثي في اكتساب المفاهيم النحوية عند طالبات الصف الثاني متوسط*** . رسالة ماجستير غير منشورة .كلية التربية للبنات. جامعة بغداد .

محمود، احسان صالح حماد.(٢٠٢٣) اثر استخدام نموذج كورت في اكتساب المفاهيم النحوية لدى طلبة الصف العاشر الأساسي .***مجلة الأستاذ***. ٦٢(٤).

المؤتمر العلمي الحادي عشر للتربية والتعليم (٢٠٠٥) ***توصيات كلية التربية الأساسية الجامعة*****المستنصرية**، بغداد، العراق

الهاشمي, عبد الرحمنو الدليمي، طه.(٢٠٠٨). ***استراتيجيات حديثة في فن التدريس***. ط١. دارالشروق.عمان. العراق

**سەرچاوەكان بە زمانی ئینگلیزی**

Baumer,E.P. Tomlinson,B. Richland.L.E.&Hansen,J.(2009). **Fostering metaphorical creativi using computational metaphor identification**